بنێن و،هەوڵدان بۆ سەندنی مافی کورد بە لەسەرووی هەموو شتێکەوە دابنێن.

توخوا ئەمجارەش گەلەکەمان با نائومێد نەبێت، با هەردوو سەرکردەو هەردوو حزبی سەرەکی دەست لە ناو دەست بەرەو ئازادی و سەرفرازی یەکجارەکی هەنگاو بنێن.

لە ساڵیادی راپەرینە شکۆدارەکەدا،لە بیرەوەری شەهیدبوونی هاوسەرە ئازیزەکەمدا سڵاو بۆ رۆحی بەرزەفڕی شەهیدان دەنێرم، نزا دەکەم گەلی کورد وەك گەلانی تری جیهان بە ئامانجەکانی بگات.

هاوڵاتی(مریەم حەمەئەمین محمد) دایکی شەهید محمد هەمزە شاوری:

سەربەرزو رووسوورم بەوەی، کە سیانزە ساڵ لەمەوبەرو لە راپەرینە مەزنەکەی رانیەدا، کوڕە گەورەی خۆم بە ئازادی کوردستان بەخشیوە، کوڕی من وەك باقی شەهیدانی تری ئەم گەلە لە پێناو بە دەستهێنانی ئەم مافە رەوایانەدا بووە بە قوربانی،کە ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر ئاسۆی بەدیهاتنیان روونە.

پێویستە ئەو شەهیدە نەمرانە لەیادنەکرێن و پاداشتی لەخۆبردوویەکەیان بدرێتەوە،گەورەترین پاداشتیش بۆ شەهیدانمان لەم ساتەدا،یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم و یەکریزی گەل و یەکدەنگی سەرکردەکانی کوردە لە سەرخستنی داواکاریە رەواکانی هاوڵاتیانی کورد.

هیوام وایە دەستی تیرۆرو تیرۆریستان لە کوردستان ببڕێت و حکومەتی هەرێم هەموو هەوڵێکی بخاتەگەڕ بۆ لە ریشە دەرهێنانی تاوان و تاوانکاری لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا.

هاوڵاتی(ئایشە رەسول) دایکی شەهید ئەرسەلان عومەر محمد ئەمین) :

من وەك دایکی شەهیدێك لە ساڵیادی راپەرینە مەزنەکەی ١٩٩١ دا زۆر خۆشحاڵ و شادمانم بەم ئازادی یەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە.ئەمە یەکێك بوو لە گەورەترین هیواو ئومێدەکانی ئەرسەلانی جوانەمەرگ کە خۆی لە پێناویدا بەخت کرد.

من زۆرجار هەوڵم دەدا کە ئەرسەلان رازی بکەم تاکو ژن بێنێ، بەڵام ئەو هەموو جارێ ئەمەی رەتدەکردەوەو دەیگوت: من چۆن ژن بێنم لە کاتێکدا کە هیچ تاکێکی کوردخاوەنی شەرەف و کەرامەتی خۆی نەبێت و لەژێر ئازاری ژێردەستەیی و دیلێتیدا بناڵێنێ،چاوم بەرایی نادا سەیری بووکی یەك شەوەی خۆم بکەم تا بووکی ئازادی کوردستانەکەم نەبینم .

بەڵێ .. کوڕە شەهیدەکەم ئەم حەزو خۆزگەی بوو بێت، چۆن ئەمڕۆکە سەربەرزو رووسور نابم کە دەبینم خەریکە کورد بە ئامانجەکانی بگات و بە مافە رەواکانی شاد بێت .

دەزانم بەهارێك ئەرسەلان هەردێتەوەو زەماوەندی ژن هێنانەکەی دەستەملانی زەماوەندی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەبێت.

هەربۆیەشە هەمیشە لە خوا داواکارم کە تا زووە بە مافە چارەنووس سازەکانمان شاد بین،تاکو هەرچی زووترە ئەرسەلانیش بگەڕێتەوە ناومان، چەنکە بەخوا زۆرم غەریبی کردووە.

هاوڵاتی(ئەحمەد عبداللە) برای شەهید(رزگار عبدالله):

رزگاری برام و ئەو پۆلە شەهیدەی کە لە رۆژی ٥/ئازاری ١٩٩١ دا لە پێناو ئازادکردنی شاری رانیەدا گیانیان بەخت کرد،سومبولی ئەو راپەرینە شکۆدارە بوون کە دوای چەند رۆژێك سەرتاپای کوردستانی گرتەوە.

گەر بە ویژدانەوە لە هەڵویست و لەخۆبردوویی ئەو شەهیدانە بڕوانین، هەست بە گەورەییان دەکەین. بەداخەوە، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی بە خێزان و ماڵ منداڵی ئەو شەهیدانە نەداوەو دەتوانم بڵێم تا رادەیەك پشتگوێ خراون.

ئەی ئەوان نەبوون ئەو رۆژەیان بەخوێنی خۆیان بۆ ئێمە خوڵقاند؟ ئەی ئەوان نەبوون وەك برووسك بە رووی دامودەزگا تۆقێنەرەکانی دوژمندا چوونەوە؟ .

کەسانێك کە بەو گیانە بەرزەوە خۆی قوربانی نیشتمانەکەی کردبێت، بەچ یاسایەك رەوایە رێگە بدرێت کوڕو کچ و خێزانەکەی، خۆیان بەتەنیاو بێکەس بزانن و حکومەت لایان لێنەکاتەوە؟!!.

لە یادی راپەریندا،هیوای سەرکەوتن بۆ پرۆسەی راپرسی(ریفراندۆم) لە کوردستان دەخوازم، بە ئومێدی زۆرەوە لە ئاسۆی کورد دەڕوانم.وا هەست دەکەم کە بەم زووانەهەندێك لەو ئاواتە لەمێژینانەمان دێنەدی کە براکەم و هەزاران شەهیدی تر خوێنیان لە پێناودا ڕشت.

هاوڵاتی(گوڵناز محمد عبداللە) دایکی شەهید( بەهرۆز ئەحمەد):

هەموو ساڵێك کە بە هار دێتەوە یادی راپەرین دەکرێتەوە، واهەست دەکەم کە بەهرۆزی جوانە مەرگ بەخۆی و تفەنگەکەی شانیەوە وەکو جاران دێتەوە لامان و یەك بەیەك پێمانەوە ماچ دەکات و پیرۆزبایی ساڵیادی راپەرینمان لێدەکات، ئینجا سەرێك لە شار دەدات و بە تاسەو تامەزرۆییەوە سەرنجی کۆڵان و شەقامەکان دەدات.

بمرم بۆت، دەزانم ئەم بەهارە کە هاتەوە لە ساڵەکانی پێشوو دڵخۆشتر دەبێت، کاتێك رووخانی دیکتاتۆرێك لە وڵاتێکداو زەلیل بوونی سەرەزلەکەی تاوان و تاوانکاری دەبینێت، ئاسوودەتر دەبێت و کە چۆوەش نوقڵانەی ئە هەواڵە خۆشانە بەسەر هاورێکانیدا دابەش دەکات.

تو خوا گەورەکانمان: شەهیدانمان زۆر خۆشحاڵن بەو ئاوات و خۆزگە رۆح سووکانەی کە ئاسۆی بەدیهاتنیان نزیك بۆتەوە، وریان بن و دڵیان مەشکێنن، باخوانەخواستە هەست نەکەن ئەو ئامانج و پیرۆزیانەی ئەوان خوێنیان بۆ رشت،جوانەمەرگ بوون.


شەهید خالید


شەهید محمد


شەهید ئەرسەلان


شەهید بەهرۆز